کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-6-2007 23:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بۆ محەمەد جبوری یان محەمەد گامێشەوان ... عزیز منسوربگ

دانمارک

ئەم برادەرە ئەندامی پارێزگای کەرکوکە و ڕاوێژکاری عەرەبیە، بەڕێزیان تەنها دووداواکاری بچووکیان لە سەرەوەی خۆیانی یانی بەغدا هە یە. یەکەمیان ڕەت کردنەوەی مادەی 140، دووهەمیان با کەرکوک عێراقی بمینیتەوە. ئەو بەڕێزە دوو داواکاری هەیە، منیش بەمافی خۆمی دەزانم کە یەك پرسیار لەوبرادەرە بکەم، پێش ئەوەی وەڵامی داواکاریکانی بدەمەوە پێش هەموو شتێک کاک محەمەد دەبی خۆی یەک لایی بکاتەوە، ئایا ئەو جبورییە یان گامێشەوانە وا خۆی بە نوێنەری خەلکی کە رکوک دادەنێ؟ ئەگەرخەلکی کەرکوک بی نابێ پێناسەی جبووری بێ دەبێ پێناسەی گامێشەوان بێ ڕێزم هەیە بۆ برا گامێشەوانەکان لەبەر ئەوەی ئەوان عەرەبی ڕەسەنی شاری کەرکوکن. پێش کودەتا شومە



کەی بەعسیەکان کە لە 1968/7/17 ڕویدا تەنهاچەند خانویەکی قوڕ کە ژمارە کەی لە 100 ماڵ تێ نەدەپەڕی کەوتبووە پشت قوتابخانەی نیشتمانەوە لە ڕێگا ی محەتەی شەمەنەفەر کە ئە ویش بە گەڕەکی گامێشەوانەکان بە ناوبانگ بوو، کار و پیشەیان قەیماغ فرۆشتن بوو. بە لێ کاک محەمەد خۆشمان دەزانین کە مادەی140 زیاتر لە 12 ملیۆن ئیراقی دەنگیان بۆ داوە بە تۆشەوە، بەڵام جێ بە جێ ناکەن. وابزانم کوردیش لە وە زیاتر چاوەڕوان ناکات، کورد دەڵێ جام کە پڕبوو لێی دەڕژێ. لێرەدا دەمەوێ بڵێم ئێوە بۆ ئەوەندە زوو لە بەڵێنە کانتان پەشیمان دەبنەوە؟ یان داوای دواخستنی ئەوماددە یە دەکەن؟ یان خۆتان پڕچەک کەن و ڕیزەکانی خۆتان ڕیک خەنەوە کە ئەوەش خەونی کیسەڵە؟ نا کاکی جبوری، ئێمە دەرسمان لە دواخستنی بەیانە مێژوییەکەی 11ئازاری 70 وەرگرتووە، بەعسیەکانیش وە کو ئێوە لە بەڵێنەکانی خۆیان پەشیمان بوونەوە، لە ئاکامی پە شیمان بۆ نەوە کە شیان شە ڕی قادسیە دۆڕاوەکەی لێ کەوتەوەو بینیتان بەچی کۆتایی هات. بۆ ئێوەش مێشکتان بە کارناهێنن دەرسێک لە وان وەربگرن تا ئێوەش بە و دەردە نەچەوون؟

(عمو) خۆزگە زمانی کوردیت بزانیایە ئەو چەند دێڕەت بۆ سەرەوی خۆت فاکس بکردایە، بەڵکو بە خۆیان دا دەچوونەوەو وازیان لەو ملهوڕیە دەهێنا. بە ڕێز، هاوارت بۆ بەغدا بردوە داوات لێیان کردووە با کە رکوک بە ئیراقی بمێنێتەوە، بۆ خوا نە خواستە ڕۆژێک لەڕۆژان کورد داوای کردووە کەرکوک بخرێتە سەر ئەنقەرە یان تاران؟ کورد ڕۆژێک لەڕۆژان نەی گوتووە کەرکوک عێراقی نیە، کورد دەڵێ کەرکوک عێراقیە، بەڵام بە شێکە لە کوردستان بەڵگەشمان ڕوون و ئاشکرایە، کاکە گیان خۆ چیای حەمرین ئێمە درووستمان نەکردووە خوا دروستی کردووە بۆ دەستکاری کاری خوا دەکەن؟ ئێوە دەبێ ئەو لۆکەیە لەگوێی خۆتان دەربێنن کە کورد وابە ئاسانی واز لە کەرکوک بێنێ چونکە کورد پێشترشۆڕشێک وهەزاران قوربانیی لە سەر کەرکوک داناوە و سەرکردە کوردەکانی پێشان و ئێستاش دەڵێن کەرکوک کوردیشی لێ نەبێ هەرکوردستانە. جا کە گەلیکی 50 ملیونی ئە وە دروشمی بێ، کێ دەتوانێ دان بەمافەکانی دا نەنێ؟

لە گەڵ ڕیزمدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.